# ئەیاد عەلاویو "جند السماو"

**جەمال پیرە**

*jamalp@hotmail.com*

لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا دیاردەی دروستبوونو هاتنەئارای گروپی چەکداری توندڕۆ یەکێکە لە دیاردە بەرچاوەکانی توندوتیژیی لە عێراقدا، قسەوباسی سەرچاوەی دروستبوونو هاتنەئارای ئەم گروپانە بابەتێکی پڕ لە مشتومڕبووە، بەوەی کە ئەزموونی دەسەڵاتی نویَ لەلایەن چەند تەیارێکەوە دژایەتی دەکرا راستەوخۆ هۆکاری دروستبوونیان دەدرایە پاڵ پاشماوەکانی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوەو رێکخراوی قاعیدەو وڵاتانی دراوسێو ئەنتی ئەمەریکاییەوە.

لەراستیدا گروپە توندڕۆو چەکدارییەکان جۆراوجۆرن، زۆربەیان لەقەبارە بچوکنو بەزوویی دەردەکەونو زووش لەبەرچاودا وندەبن، هەیانە دەمامکی ئایینییان پۆشیوە، هەشیانە هەڵگری ناونیشانی نەتەوەییو شۆڤێنین، بەحیساب تەنها ستراتیژێك کۆیکردبنەوە بەرەنگاربوونەوەو دژایەتیکردنی ئەمەریکایە بەمەبەستی هەم گەڕاندنەوەی مێژووی عێراق بۆ سەردەمی تۆقاندنو تاکڕەوی هەمیش بەزیندووڕاگرتنی گوتاری باڵادەستی عروبەو دروستکردنەوەی ئەو عێراقەی کە خۆیان دەیانەویَ.

بەو پێیەی کە زۆرینەی گروپە چەکدارییەکان دابەشبوونەتە سەر شاروشارۆچکەکانی ناوەڕاستو خۆرئاوای عێراق بۆیە شتێکی سەرنجڕاکێشبوو لە پڕ گروپێکی چەکداری شیعە مەزهەب لە ئارامترین شاری شیعەگەرادا دەرکەوت، بەجۆرێك کە رەنگبوو زوو کۆنترۆڵنەکردنیان مەترسی گەورە بۆ هەرێمی باشوور بنێتەوە، ئەم گروپە شیعە مەزهەبەی"زیـــا کەرعـــاوی" کە لەم ماوە کورتەدا بەچەند تونێلێکی پێناسەکردنەوە تێپەڕی، بەوەی کە چاودێرانی ناچارکرد راڤەو لێکدانەوەی جیاجیای بۆ بکەن، دواجار سەرجەم بۆچونەکان کۆکبوون لەسەر ئەوەی کە بەکردار گروپێکە سەربەخۆو بێسەرچاوەی ماددیو مەعنەوی نییە، پاشماوەی بەعسن یا داردەستی هێزە لەئاراکانی ئێستای عێراق؟!! گروپێکی ئایینزای شیعەگەری خۆ بە"مەهدی" کردوون یا تەیارێکی دروستبووی عێراقی سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوون، یاخود هەڵگری هەر ئینتیمایەکی تری نادیار؟!!.

هەموو ئەمانە پرسیاری شوناسی ئەم گروپەبوون، بەڵام لەهەموویان سەرنجڕاکێشتر دەنگۆی پاڵپشتیکردنیان بوو لەلایەن تەیاری ئەیاد عەلاوییەوە، ئەم هەواڵە بەر لە سیَ رۆژ لەبەیانامەیەکی تەیاری عەلاویدا بەدرۆخرایەوەو وەك پیلانێکی نەیارانی بزاڤەکەی خۆیانی وەسفکرد، هەروەك بەهەوڵێکی نوێی ئاژاوەنانەوەی نێوان هێزە سیاسییو دیموکراسیخوازەکانی وەسفکرد.

لەراستیدا لەبەر ئاڵۆزیو نالەباری بارودۆخی سیاسیی عێراق، ئاسان نییە بتوانرێت رایەڵە سیاسییە لەئاراکانی ئەمڕۆی پێکهاتە سیاسییو کۆمەڵایەتییەکانی عێراق وا بەروونی بخرێتەروو، وەك ئەوەی ئاسانیش نییە بە لێدوانو خوێندنەوەیەکی کورتیش ستراتیژو تاکتیکە سیاسییەکان بیَ لێکدانەوەیەکی قووڵ، شرۆڤە بکرێن.

هەڵبەتە ئەوەی لای هەمووان ئاشکرایە عەلمانیخوازبوونی عەلاوییە، ئەم رەوتە فیکرییەش بێگومان فاکتەری گەورەی ناکۆکییە فیکرییەکانی نێوان زلهێزە شیعییەکانی عێراقو عەلمانیگەرێتی شیعیی ئەیاد عەلاوین، وەك زانراویشە لە رابردوودا هەوڵی لاوازکردنی ئەویدی لەلایەن هەردوو رەوتە سیاسییەکەدا بەهەردوو دیوی نهێنیو ئاشکرا دراوە، هەروەك چاوەڕوانیشدەکرێت لە ئێستاو ئایندەشدا هەمان هەوڵ بەردەوام بن، بۆیە لێرەوە ئەگەر عەلاوی لە پشتەوەی "جند السماء" بێت، دەچێتە قالبی ئەم هەوڵانەوە دژ بە زلهێزە شیعییەکانی ناو عێراق، خۆ ئەگەر واشنەبیَو تۆمەت بیَو بۆی هەڵبەسترابیَ، بەهەمان شێوە هەوڵێکە لەلایەن زلهێزەکان خۆیانەوە دژ بە ئەیاد عەلاوی.

هەر چۆنێك بێت شانۆی سیاسی عێراق چاوەڕێی هەواڵو دیاردەی سەرنجڕاکێشتری لێدەکریَ، چەندە کێشەو ناکۆکییەکانیش قووڵتر ببنەوە ئەوەندە گەمە سیاسییەکان ئاراستەی جیاوازتر وەردەگرن، بەڵام ئەوەی کە گرنگە بزانرێتو هەوڵی دیراسەکردنی بۆ بدرێت، چییەتیو چۆنیەتی ئاراستەی گەمە سیاسییەکانە.